


لەبەرئەوەی بۆ ڕۆناڵدۆ وازی لە تۆپ هێناوە بۆ ئەوەی گۆڵ بکات..

# ڤەنزوێلییەکان نەفرەت لە ڤیلانۆیڤا دەکەن

رووداوی وەرزشی - CNBC

رۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتالۆنی، رایگەیاند ڤەنزوێلییەکان زۆر تووڕەن لە میکێل ڤیلانۆیڤای بەرگریکاری هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان، کە یاری بۆ یانەی مەلەگەی ئیسپانی دەکات و دەڵێت «ڤەنزوێلییەکان پێیانوایە ڤیلانۆیڤا ناوبانگی وڵاتەکەیانی ناشیرین کردووە، لەبەرئەوەی رێگەی بە کریستیانۆ رۆناڵدۆ داوە گۆڵ لە یانەکەی بکات».

ئەو رۆژنامەیە گومانی لە ئاستی یاریزانی ڤەنزوێلی هەبوو، کە لە دوایین گەڕی لالیگادا بەرامبەر ریال مەدرید پێشکەشی کردو بە بردنەوەی ریال مەدرید بە 2 گۆڵی خاوێن کۆتایی هات و نازناوی لالیگا بۆ یانەی شاهانە لەسەر حسابی بارسیلۆنا یەکلایی بووەوە.

ئەو رۆژنامەیە، دەڵێت «ڤیلانۆیڤا، کە لەگەڵ مەلەگە درێسی ژمارە 4 لەبەردەکات، لە خولەکی 34ی یارییەکەدا، کە تۆپ گەیشتە ژێر قاچی، بەشێوەیەکی ئەنقەست قاچی بەرزکردەوە، بۆ ئەوەی رۆناڵدۆ گۆڵ بکات». هەروەها دەشڵێت «ڤیلانۆیڤا چەندین هەفتە بوو لەگەڵ یانەکەی یاری نەکردبوو، بەڵام لەبەرامبەر ریال مەدرید بەشداریکرد، کە مایەی سەرنجی هەمووان بوو».

هەندێک لە سەرچاوە نا فەرمییەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ساندرۆی هێرشبەری پێشووی بارسیلۆنا، بە ئیدارەی یانەی مەلەگەی گوتووە «چیدی یاری بۆ مەلەگە ناکەمەوە، لەدوای ئەو کردەوە ئابرووبەرانەی هەندێک لە یاریزانانمان لە یارییەکەی ریال مەدریدا نواندیان، کە بەداخەوە دەیانویست ریال مەدرید نازناوی لالیگا بباتەوە».

3

WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (451) سێشەممە 2017/5/30 9ی جۆزەردان - 2717 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

یوڤنتۆس دەیەوێ نازناوی چامپیۆنزلیگ لە قورگی شێر دەربێنێت..


# دواچانس

"ڕۆناڵدۆ و بۆفۆن نایانەوێ ئەم دەرفەتە مێژووییە لەدەستبدەن"




7

## ئیسکۆ چاو لە ریال مەدرید سوور دەکاتەوە



3

## ڤالڤێردی و مێسی لەسەر شتێک رێککەوتوون



4

## هازارد بە سەرخۆشی هاتریکی تۆمارکرد




4

## هاندەرێک بۆ ئاردا توران: زینا مەکە و مەچوو مەککە

3

## هەنگاوێک بۆ پێشەوە



یانەی داڵکورد لەسەر ئەنجامە باشەکانی لە خولی پلە یەکی سوێد بەردەوامەو ئەمجارە سەرکەوتنی بەسەر یانەی ئاتڤیدابێرگس بەدەستهێناو هەنگاوێکی دیکە بۆ گەیشتن بە خولی نایابی سوێد چووە پێشەوە.
داڵکورد لە گەڕی دەیەمی خولی پلە یەکی سوێد لەنێو یاریگەو هاندەرانی میوانداری ئاتڤیدابێرگسی کردو یارییەکەی بە 3 گۆڵی بێبەرامبەر لێیبردەوەو 3 خاڵی گرنگی بەدەستهێنا، کە دوای بردنەوەی ئەو یارییە داڵکورد لە پلەی دووەمدا خاوەنی 20 خاڵەو ئاتڤیدابێرگسیش بە 8 خاڵ لە پلەی چواردەیەمی ڕیزبەندی خولەکەدایە. داڵکورد لە 10 یاری رابردوودا 6 یاری بردووەتەوە، 2 جار تووشی شکستبووەو لە 2 یارییشدا یەکسانبووە.

### کیژان فایەق، یاریزانی کاراتێی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی..

# هیوادارم هەڵبژاردەی کاراتێی کوردستان دامەزرێت



## «تکایە چیدی یارییە تاکەکەسییەکان پشتگوێ مەخەن»

**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ سلێمانی**

کیـژان فایـەق، یاریزانـی تیپی کاراتێـی یانەی پێشـمەرگەی سـلێمانی بە (رووداوی وەرزشـیی) ڕاگەیاند «نەبوونی پاڵەوانیەتی هۆکاری سەرەکییە بۆ دابەزینی ئاستی کاراتێ لە کوردستان و عێراقیش، چونکە نەبوونی پاڵەوانیەتی وا لە یاریزان دەکات وردە وردە لە یارییەکە دووربکەوێتەوە، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی یارییەکە لە کوردستان».

ساڵانە لە پاڵەوانیەتیەکانی سەرئاستی کوردستان و عێـراق، کچانـی پێشـمەرگەی سـلێمانی خاوەن مەدالیای جۆراجۆرن، تیپەکەش تاکە تیپە لە ئاستی کوردستان کە گرنگییەکی زۆر بە یارییەکانی کاراتێ دەدات، بۆیە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە، کە یەکێک لەوانەش کچە یاریزان کیژان فایەقە.

کیـژان، لەبـارەی ئاسـتی ئـەم یارییـە لـە کوردستان بە (رووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند ئاستی یاری کاراتێ لە چاو سـاڵانی پێشوو تا ڕاددەیەک بـەرەو پێشـڤەچوونی بەخۆیەوە بینیـوە، بەڵام هێشـتا نەگەیشتووەتە ئاسـتی مەبەست و گوتی «بێگومـان نەبـوون و ئەنجامنەدانی پاڵەوانیەتی هۆکاری سەرەکییە بۆ دابەزینی ئاستی کاراتێ لە کوردسـتان و تەنانەت عێراقیش، چونکە نەبوونی پاڵەوانیەتـی وا دەکات وردە وردە یاریزانـان لـە یارییەکە دووربکەونەوە، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسـەر ئاسـتی یارییەکـە». ئەو کچـە یاریزانە هەروەهـا گوتیشـی «ئەنجامدانـی پاڵەوانیەتـی ناوەخۆ بێت یان دەرەکی هۆکاری سـەرەکییە بۆ پێشـکەوتنی یاریـزان، هەروەها هاندانـی یاریزان لەلایـەن خێزانەکانیانـەوە هۆکارێکـی دیکەیە بۆ زیاتـر گەشەسـەندنی ئەو یارییە، بۆیـە هیوادارم بـەردەوام خـول بکرێنەوەو خێزانـی یاریزانانیش هاوکار و هاندەری کچەکانیان بن».

کیـژان، ئاماژەی بۆ ئـەوە کرد کە خەونی زۆری هەیـە و گەشـبینە بـەوەی ڕۆژێـک بتوانێـت ئەو خەونانـەی بێنێتەدی «هیـوادارم ببمە یاریزانێکی جیهانـی و پێشـەنگی یاریزانانـی جیهـان بگرم، داواکاریـم لەلایەنـە بەرپرسـەکان ئەوەیـە چیدی یارییە تاکەکەسییەکان پشتگوێ نەخەن و گرنگی زیاتریان پێبدەن». هەروەها گوتیشـی «هیوادارم وەک چۆن هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان هەیە، بەهەمانشێوە هەڵبژاردەی کاراتێی کوردستانیش بۆ پیاوان و ئافرەتان هەبێت، بۆ ئەوەی من و چەندین کچە یاریزانی دیکە بتوانین لەم یارییەدا خزمەتێک بە کوردستان بگەینین».

### توانا مۆرینیۆ..

# ئەو گەنجە بەهرەمەندەی لە وەرزش بێزار نابێت

**ئا: شێروان شێرزاد**

هەموو ئەو کەسە بەتوانایانەی ڕۆژێک دەبنە ئەسـتێرەی ناو یاریگەکان، لـە تیپ و یاریگە میللییەکانـەوە دەسـتپێدەکەن. زۆر لەو بەهرە میللیانـە هەر لەسـەرەتاوە بەپیشـەی جوان و ئەنجامدانـی چالاکی ناوازە ئاماژەی ئەوەیان پێیە لە داهاتوودا ببنە کەسانی بە توانا.

توانـا عەبدولڕەحمان عومـەر، بەهرەیەکی گەنجی تۆپی پێیە، ئەو دانیشـتووی ناحیەی کەسنەزانە، لە ساڵی 1987 لە شاری هەولێر لەدایکبووە، تا قۆناخی دواناوەندی خوێندوویەتی، بەڵام کەسێکی زۆر چالاک و بەهرەمەندە لە بواری وەرزشیدا.

توانا، وەک هەر وەرزشوانێکی دیکە سەرەتا وەک یاریـزان یاری بۆ چەند تیپێکی میللی کردووە، دواتر لەساڵی 2006 تیپی گرینهۆی کەسنەزانی دامەزراندووەو هەر خۆشی ڕاهێنەرایەتی کردووەو زیاتر لە 8 نازناوی بۆ ئەو تیپە بەدەسـتهێناوە، تیپەکەشـیان چەندینجار لەسەر دەستی ئەو بووەتە باشترین تیپ لەسەر ئاستی سنوری هەولێر و دەوروبەری.

توانـا، ئـەو وەرزشـوانەیە کـە هەرگیـز لەوەرزشـکردن و ئەنجامدانـی چالاکی وەرزشـی و خزمەتکردنـی بـواری وەرزشـی لـە یاریگە جیاجیاکانـی شـاری هەولێـر مانـدوو نابێت، بەچەندین شێوەش هەوڵیداوە توانا و بەهرەکانی خۆی دەربخات لەم بوارەدا، لە هەمانکاتدا نموونەیەکی بەرچاوی ئەو کەسانەیە کە لەم بوارەدا کارو چالاکی گەورەیان ئەنجامداوە، چ بەشێوەی کردنـەوەی خـول بـۆ لاوان و تازەپێگەیشـتووان بێـت یاخود بەشێوەی ڕاهێنەرایەتی بێ. ئەو دەڵێت «من تاکەسم بە شایەتی خەڵکی کەسـنەزان و دەڤەرەکە کە کار و چالاکی وەرزشـی و کردنـەوەی خولم بە سـەرکەوتووانە ئەنجامدابێت». لەپاڵ ئەم کارانەشـی لە بواری وەرزشیدا پیشەی پێشمەرگەیەو ئێستاش لە فەرماندەی گەرمیاندا لە خزمەتکردنی کوردستان بەردەوامە.

توانا، زۆر سەرسامە بە ڕاهێنەر خۆزێ مۆرینیۆی پورتوگالی، بۆیە لە تەواوی ناحیەی کەسنەزان و سنووری پارێزگای هەولێر و دەوروبـەری بە «توانا مۆرینیۆ» ناسـراوەو هەر بەم ناوەش بانگدەکرێـت و دەناسـرێتەوە، بۆیە گەر لە کەسـنەزان یا هەر شـوێنێکی دیکە بڵێن توانا عەبدولڕەحمان، کەس نایناسێتەوە تاوەکو بە مۆرینیۆ ناوی نەهێنن، هەر لەبەر ئەوەشە ئەکاونتەکەی خۆی لە فەیسبووک بەم ناوە داناوە.

توانـا لەبەر خۆشەوسـیتی زۆری بۆ ئـەم ڕاهێنەرە دەڵێت «ئـەم ڕاهێنەرە بچێت بـۆ هەر یانەیەک من دەبـم بەهاندەری ئەو یانەیە».

توانا، زۆر سوپاسی ئەو کەس و لایەنانە دەکات کە پشتگیریان کردووە بەتایبەتی حاتەم عەبدوڵڵا، تاکە هیواشی ئەوەیە ڕۆژێک بتوانێـت فێرگەیەک بکاتەوە لە ناحیەکەیان و لەلایەن ناوەندی باڵای وەرزشیی کوردستانیشەوە پشتگیری بکرێت، بەمەبەستی ئەوەی بتوانێت زیاتر لەم ڕێگەیەوە خزمەتێک بە گەنجە بەتوانا و بەهرەمەندەکانی ئەم ناوچەیە بکات. توانا دەڵێت «هیوادارم ئەو ڕۆژە بێت و ئاواتەکەم بێتەدی».




### بە ڕاهێنەرێکی نوێ دێتە مەیدان..

# «ئێمە بۆ ئەرکە قورسەکە ئامادەین»

**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ سەیدسادق**

دکتۆر نازم شـێخ جەبـار، ڕاهێنەری تازەی یانەی سەیدسـادق، بـە (رووداوی وەرزشـی) ڕاگەیاند «ئامادەکارییەکانمان دەسـتپێکردووە بۆ خولی پلە یەکی کوردستان، ئاواتی ئێمەش لـەم وەرزەدا تەنیا مانەوە دەبێت لە خولی پلە یەکی کوردستان».

تیپـی تۆپـی پێـی یانـەی سەیدسـادقی شارەزوور، خاوەنی ژمارەیەکی زۆری هاندەرانی وەرزشـییە لە سەر ئاسـتی یانەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمساڵ توانی بلیتێکی بەشداریکردن لە خولی پلەیەکی کوردستانی بەدەستهێناوەو لە دوای دەستلەکارکێشانەوەی ڕاهێنەری یانەکەش ستافی کارگێڕی یانەکە ئەرکی مەشقی یانەکەی بە دکتۆر نازم شـێخ جەبار سـپاردووە، ئێستا یانەکە دەسـتی بـە ئامادەکارییـەکان کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەنجامێکی دڵخۆشـکەر بۆ تیپەکەی بەدەستبهێنێت.

دکتۆر نازم شـێخ جەبـار، ڕاهێنەری نوێی یانـەی سەیدسـادق بـە (رووداوی وەرزشـی) گوت «ئامادەکارییەکانمان بۆ خولی پلە یەکی کوردستان دەستپێکردووەو چاوەڕوانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستانیشـین بـە فەرمی وادەی دەسـتپێکردنی خولەکە دیاری بکات». دکتۆر نازم گوتیشـی «ئەمساڵ ئێمە تەنیا بۆ مانەوە لە خولی پلە یەکی کوردسـتان یاری دەکەین، چونکـە ئیـدارەی یانەکەمـان تەنیـا مانەوەی دەوێ، لەبەرئـەوەی ئێمـە ئەو پـارە زۆرەمان لەبەردەستدا نییە کە وەک هەندێک یانەی دیکە بتوانین یاریزانی سـوپەر بێنیڤچنـە ریزەکانی یانەکەمـان، ئێچمـە ناتوانیـن وەک هەندیچک یانە بکەین کە باری داراییان لە ئێمە باشـترەو ئامادەکارییەکانیان پێش ئێمە دەستپێکردووە».

ئـەو ڕاهێنـەرە دانـی بـەوەدا نـا کـە ئامادەکارییەکانیـان سـاردی پێـوە دیـارەو هۆکارەکـەی بـۆ نادیاریـی کاتـی خولەکـە گەڕانـدەوەو گوتـی «هـەر کاتـێ وادەی دەشـتپێکردنی خولەکە دیاری بکرێت، ئێمەش کەمپێکی مەشقی و ڕاهێنان ئەنجام دەدەین». ئـەو لە بـارەی گۆڕانکارییەکانیـش لە تیپەکە گوتی «3 یاریزان لە تیپەکەمان ڕۆیشـتوون، بەڵام من چەند یاریزانێکم دەستنیشانکردووە بـۆ ئـەوەی بیانهێنینـە ریـزی یانەکەمـان، لەبـارەی گرفتەکانـی یانەکەشـیان، ئـەو ڕاهێنـەرە گوتی «گەورەتریـن گرفتی ئێمە گرفتـی داراییە، تـازە مووچەی مانگی 12ی سـاڵی ڕابردووی یاریزانان دراوە، بەڵام ئێمە پشـت بە کوڕانی شارەزوو دەبەستین، چەند یاریزانێکیش لە دەوروبەری سەیدسادق دێنینە ریزەکانی تیپەکەمان، ئێمە ئامانجمان هەیە و کـۆڵ نادەین چونکە خـاوەن ژمارەیەکی زۆری هاندەرانی وەرزشین، ئێمە بۆ ئەو ئەرکە قورسە ئامادەین».

> «ئاواتی سەیدسادق تەنیا مانەوەیە لە خولی پلە یەکی کوردستان»





KOREK Telecom
ئۆفەرێك بۆ بەشدارانی پاكێجەكانی ئینتەرنێتی كورەك
ڕۆژانە ئینتەرنێتی بێسنوور بەخێرایی وەربگرن
ئێستا سەرجەم بەشدارانی پاكێجەكانی ئینتەرنێتی Extra G دەتوانن هەموو ڕۆژێك بەشێوەی ئۆتۆماتیكی ئینتەرنێتی خێرایی وەربگرن لە كاتژمێر 1ی شەو تاكو 7ی بەیانی.
ئەم ئۆفەرە بۆ سەرجەم بەشدارانی پاكێجەكانی ئینتەرنێت بەردەستە بەبێ هیچ خەرجییەكی زیادە.
بۆ بەشداریكردن لە پاكێجە جۆراوجۆرەكانی ئینتەرنێت كە ئەم ئۆفەرە دەیگرێتەوە، پەیوەندی بكەن بە: #250* یان #360* یان #257*
korektel.com
411

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 451 )
سێشەممە 2017/5/30




## 564 لـە 700

لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، تاوەکو ئێستا 700 یاری فەرمی بۆ یانەکەی و هەڵبژاردەی ئەرجەنتین ئەنجامداوە و تێیدا 564 گۆڵی تۆمارکردووە، کە ڕێژەیەکی سەرسوڕهێنەرە. مێسی 583 یاری بۆ بارسێلۆنا و 117 یاری بۆ هەڵبژاردەی ئەرجەنتین کردووە، تیایاندا 506 گۆڵی بۆ بارسێلۆنا و 58 گۆڵی بۆ هەڵبژاردەی ئەرجەنتین تۆمارکردووە. ئەستێرەی ئەرجەنتینی زۆرترین گۆڵی لە یانەی سڤیلیای ئیسپانی تۆمارکردووە، کە 29 گۆڵە، ئینجا ئەتلتیکۆ مەدرید 27 گۆڵ و ریال مەدریدیش 23 گۆڵ.

لەبەرئەوەی حەزی کردووە ڕۆناڵدۆ گۆڵ لە یانەکەی بکات..

# ڤەنزوێلییەکان ڕقیان لە یاریزانەکەیانە




«ڤیلانۆیڤا چەندین هەفتە بوو لەلایەن ڕاهێنەرەوە یاری پێنەدەکرا»

«ساندرۆ بە ئیدارەی یانەکەی گوتووە چیدی یاری بۆ مەلەگە ناکەمەوە»

ساندرۆ: بەداخەوە هەندێک لە هاوڕێکانم بەرامبەر ریال مەدرید خۆیان ماندوو نەدەکرد

**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتالۆنی، گومانی لە ئاستی یاریزانی ڤەنزوێلی میکێل ڤیلانۆیڤای بەرگریکاری یانەی مەلەگەی ئیسپانی هەبوو، کە لە دوایین گەڕی لالیگادا بەرامبەر ریال مەدرید پێشکەشی کرد، کە بەبردنەوەی ریال مەدرید بە 2 گۆڵی خاوێن کۆتایی هات و نازناوی لالیگا بۆ یانەی شاهانە لەسەر حسابی بارسێلۆنا یەکلایی بووەوە.


ئەو ڕۆژنامە لایەنگرەی یانەی بارسێلۆنا، دەڵێت «میکێل ڤیلانۆیڤا، کە لەگەڵ مەلەگە درێسی ژمارە 4 لەبەردەکات، لە خولەکی 34ی یارییەکەدا، لە هێرشێکی ریال مەدریددا چاودێری کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی دەکرد، کە تۆپ گەیشتە ژێر قاچی، بەشێوەیەکی گوماناوی و سەرنجڕاکێش قاچی بەرزکردەوە، بەمەش تۆپەکە گەیشتە ڕۆناڵدۆ، کە خەریکبوو گۆڵێک لە گۆڵی ئیدریس کامینی تۆمار بکات».

ئەو ڕۆژنامەیە گومانەکان زیاتر دەکات و دەڵێت «ئەوەی هەرایەکی زۆریشی نایەوە ئەوەبوو، میکێل ڤیلانۆیڤا چەندین هەفتە بوو لەگەڵ یانەکە یاری نەکردبوو، بەڵام لە یاری کۆتایی بەرامبەر ریال مەدرید بەشداری کرد، کە مایەی سەرنجی هەمووان بوو». ڕۆژنامەکە دووپاتیکردەوە، ئاستی ڤیلانۆیڤا لەو یارییەدا لە وڵاتەکەی خۆی لە ڤەنزوێلا سەرسوڕمانێکی زۆری نایەوە، کە چۆن ڕێگەی بە تۆپ داوە لە ژێر قاچی بڕوات و بگاتە قاچەکانی ڕۆناڵدۆ و نووسیویەتی «زۆر لە هاندەرانی ڤەنزویلا ڕقیان لە یاریزانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان بووەتەوەو تەنانەت هەندێکیان نەفرەتی لێدەکەن، چونکە پێیانوایە ڤیلانۆیڤا بەو هەڵوێستە ناشیرینەی ناوبانگی تۆپی پێی ڤەنزویلا و یاریزانەکانی ناشیرین کردووە».

ئەو ڕۆژنامەیە ڕوونیشیکردووەتەوە، ژمارەیەکی زۆر لە هاندەرانی بارسێلۆنا، لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا ڕوونکەرەوەی ڕووداوەکەیان، بۆ سەرۆکی رابیتەی لالیگا خافییر تیباس ئاماژە پێکردووەو داواشیان لێیکردووە، لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری ئەو یاریزانە بکات.

لەلایەکی دیکەوە، ڕۆژنامەی THE SUNی بەریتانی باس لەوە دەکات، یانەی بارسێلۆنا بەنیازە داوکارییەکی فەرمی پێشکەش بکات، بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی خێرا بۆ یاری ریال مەدرید و مەلەگە، کە نازناوی لالیگای بۆ ریال مەدرید یەکلایی کردەوە، چونکە گومانی زۆر لە بوونی دەستێوەردان لە ئەنجامی یارییەکە دەکرێ، بەتایبەتی گرتەکەی یاریزان میکێل ڤیلانۆیڤا، کە بە ئەنقەست ڕێگەی بە تۆپ دا، بگاتە ڕۆناڵدۆ لە نێو ناوچەی شەش پێدا.

هەروەها ساندرۆی هێرشبەری یانەی مەلەگە، کە پێشتر یاری بۆ یانەی بارسێلۆنا دەکرد، ڕاشکاوانە ڕایگەیاند «بەداخەوە هەندێک لە یاریزانەکانمان کەمتەرخەمییان لە بەرامبەر ریال مەدرید کرد و بە ئاستی خۆیان یارییان نەکرد، هەندێکیشمان خۆمان زۆر ماندوو کرد». هەندێک لە سەرچاوە نا فەرمییەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ساندرۆ بە ئیدارەی یانەکەی گوتووە «چیدی یاری بۆ مەلەگە ناکەمەوە، لەدوای ئەو کردارە ئابڕووبەرانەی هەندێک لە یاریزانانمان لە یارییەکەی ریال مەدریددا کردیان، کە بەداخەوە دەیانویست ریال مەدرید یارییەکە و نازناوی لالیگا بباتەوە».



هاندەرێک بۆ ئاردا توران:

# زینا مەکە و مەچوو مەککە

**ئا: ڕۆژان عەبدلڕەحمان**

ئاردا توران، یاریزانی تورکی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی بە یەکێک لە کۆمێنتەکانی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تووڕە دەبێت، چونکە لە کۆمێنتێکدا کە لەسەر وێنەیەکی ئاردا نووسیویەتی، داوا لەو یاریزانە دەکات «دووڕووانە هەڵسوکەوت نەکات».

دوای ئەوەی لاپەڕەیەک بەناوی هەوادارنی ئاردا توران لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام کرایەوەو وێنەیەکی ئاردا دانرا لە نزیک مەککەی پیرۆز، هەوادارێکی لە کۆمێنتێکدا بۆی نووسیوە «لەگەڵ کچ ئەملا و ئەولات نەبێت، زینا مەکە و مەچوو بۆ مەککە».

ئەم قسەیە ئاردا تورانی زۆر تووڕە کردو وایلێکرد وەڵامی کۆمێنتەکەی بداتەوە، کە بۆی نووسیبوو «خۆ تۆ خوای من نیت تا دادگاییم بکەیت؟ تۆ سەیری پێش خۆت بکەو پەیوەندیت بە هیچەوە نەبێت، تۆ لە کوێ و چی لەبارەی ڕەحمەتی خوا دەزانیت؟!».

زۆرجار زۆر لە یاریزانانی موسڵمان، ئەوانەی لە خولە ئەوروپییەکان یاری دەکەن، بانگهێشت بۆ ئەوە دەکەن کە شانازی بە ئایینی خۆیانەوە دەکەن و پابەندن بە نوێژ و ڕۆژووگرتنەوە، کەچی زۆرجار هەواڵی سکاندالەکانیان لە ڕۆژنامەکان بڵاودەبێتەوە، کە لە یانەکانی شەوانەدا رایانبواردووە یان تەنانەت دەستدرێژیشیان کردووەتە سەر ئافرەتان.

ئۆباڵ بە ملی دانیلۆ:

# نەیمار لەدەست مێسی ڕادەکات

**ڕووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

دانیلۆ، یاریزانی بەرازیلی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، نهێنییەکی هاونیشتمانییەکەی، نەیمار دا سیلڤای هێرشبەری یانەی بارسێلۆنا لە نێو کامپ نو ئاشکرا دەکات و دەڵێت «نەیمار لەدەست مێسی ڕادەکات».

بە گوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی دیاریۆ گۆڵی ئیسپانی، دانیلۆ و نەیمار دوو هاوڕێی زۆر نزیکن لە یەکدی و زۆربەی ڕۆژەکان بەیەکەوە قسە دەکەن، بۆیە دانیلۆ ئاگای لە ڕەوشی نەیمارە لە بارسا.

وەک دیاریۆ گۆڵ باسی دەکات «دانیلۆ بە کەسە نزیکەکانی خۆی گوتووە، هۆکاری ئەوەی نەیمار ڕازی نەبووە بەهای شکاندنی گرێبەستەکەی لە 15 ملیۆن یۆرۆ زیاتر بکرێت، ئەوەیە کە بیر لە ڕۆیشتن لە بارسا دەکاتەوە». بەپێی ئەو هەواڵە، دانیلۆ گوتوویەتی «نەیمار بە سەرڕاستی بیر لە ڕۆیشتن لە بارسا دەکاتەوە، ئەگەر بەردەوام هەست بەوە بکات، یانەکە تیپێک لە چواردەوری لیۆنێل مێسی بنیات دەنێت». هەروەها بەپێی ئەو هەواڵە دانیلۆ گوتوویەتی «نەیمار بەهیوای ئەوەیە ببێتە ئەستێرەی ژمارە یەک لە بارسا و کاپتنی تیپەکەش، بەڵام لەگەڵ گەیشتنی تەمەنی 25 ساڵی پێیوایە، کاتی هاتووە خۆی لە سێبەری مێسی ڕزگار بکات».






# زیدان لەنێوان چەکوچ و سنداندا

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

بۆ یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ، زەینەدین زیدانی ڕاهێنەری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، ڕووبەڕووی هەڵوێستێکی زەحمەت دەبێتەوە، لەبارەی یاریکردن بە گاریس بەیڵ یان ئیسکۆ، کە بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ هەردوو یاریزان هەڕەشەیان لێکردووەو داوا دەکەن بەشێوەی سەرەکی بەشداریان پێبکات لەو یارییەدا.

## ئیسکۆ چاو لە ریال مەدرید سوور دەکاتەوە

ئیسکۆ، حەزدەکات بەشداری لە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ بەرامبەر یوڤانتۆس بکات. بۆیە بریکارەکەی هەڕەشەی ڕۆیشتنی یاریزانەکە لە ریال مەدرید دەکات، ئەگەر بێتوو وەک یاریزانی سەرەکی بەشداری لەو یارییەدا نەکات.

یانەی شاهانە ڕۆژی 3ی حوزەیرانی داهاتوو لە شاری کاردیف لە وێڵز ڕووبەڕووی یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی دەبێتەوە، دوای سەرکەوتنی مێرینگێ لەسەر شانەکانی ئەتلەتیکۆ مەدریدی دراوسێدا. باوکی ئیسکۆ هەڕەشەی تازەنەکردنەوەی گرێبەستی یاریزانەکەی لەگەڵ کارگێڕی مەدرید کردووە، ئەگەر بەشێوەی سەرەکی بەشداری لەو یارییەدا نەکات.

گرێبەستی ئیسکۆ لەگەڵ ریال مەدرید لە کۆتایی وەرزی داهاتوو کۆتایی دێت و تاوەکو ئێستا گرێبەستەکەی تازە نەکردووەتەوە. ڕۆژنامەی دیاریۆ گۆڵی ئیسپانی باس لەوە دەکات، ئیسکۆ لە ریال مەدرید خۆش نابێ، ئەگەر بەشداری لە یاری کۆتاییدا نەکات، کە لەوانەیە پرۆسەی تازەکردنەوەی گرێبەستەکەی بگاتە ڕێگەی داخراو و ڕۆیشتنی لە برنابیۆ لێبکەوێتەوە.

## بەیڵ هەڕەشە لە ریال مەدرید دەکات

جۆناسان بارنێت، بریکاری یاریزانی وێڵزی گاریس بەیڵ، ئەستێرەی ریال مەدریدی ئیسپانی، هەڕەشەی ڕۆیشتنی لە ریال و چوونی بۆ مانچێستەر یونایتد کرد، لە وەرزی داهاتوودا.

بارنێت بە کارتی ڕۆیشتن هەڕەشەی لە کارگێڕی ریال مەدرید کرد، ئەگەر بریکارەکەی مامەڵەی شیاوی لەنێو دیوارەکانی مێرینگێ لەگەڵدا نەکرێ. بەیڵی تەمەن 27 ساڵان، ئەم وەرزە بەدەست زۆری پێکانەکانی ناڵاندی، کە بووە هۆکاری دوورکەوتنەوەی لە تیپەکەی، ئەوەش وایکرد ئیسکۆ هەلەکە بقۆزێتەوەو قاچەکانی لە پێکهاتەی سەرەکی قایم بکات.

بەیڵ دەیەوێ بەشداری لە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ بەرامبەر یۆڤی، لە کاردیف بکات، بەڵام پێشبینی دەکرێت زیدانی ڕاهێنەری ریال مەدرید یاری پێ نەکات، ئەگەر بە ڕێژەی 100% ئامادە نەبێت. بۆیە بریکارەکەی بەیڵ بە ریال مەدریدی گوتووە «دەبێت بەیڵ وەک ئەستێرەی یەکەمی تیپەکە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، ئەگەرنا دەچێتە مانچێستەر یونایتد».

سەرچاوەکانی هەواڵ دەڵێن «بەیڵ زۆر تووڕەیە لە ئیسکۆ و بیرۆکەی بەشداریکردنی بەرامبەر بیانکۆنێری. هەروەها بەیڵ لە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆش پەستە، چونکە بەمدواییە بووەتە ئەستێرەی تیپەکە، وا هەست دەکات دەبێت لە جیاتی دۆن ئەو شەرەفەی بەرکەوێ».

KOREK



## ڕاستە

جیانلۆکا دی مارزیۆی ڕۆژنامەنووس لە تۆڕی سکای سپۆرت، ئەو هەواڵەی پشتڕاستکردەوە کە باس لە هەوڵەکانی یانەی چێڵسی ئینگلیزی دەکات بۆ هێشتنەوەی دییگۆ کۆستای هێرشبەری ئیسپانی لە ڕیزەکانی خۆی. ڕۆژنامەنووسی ناوبراو لەو بارەوە گوتی «ڕاستە، چێڵسی دەستەوارەیەکی نوێی بە نرخێکی گران پێشکەشی کۆستا کردووە دەیەوێ بۆ 3 ساڵی دیکە بە مووچەیەکی 15 ملیۆن یۆرۆیی لەگەڵیدا بەردەوام بێت، خودی کۆستاش ڕازییە و خۆی ڕایگەیاندووە کە ئامادەیە لەگەڵ چێڵسی بەردەوام بێت».



# گریزمان لە ڕیال مەدرید تووڕەیە

**ڕووداوی وەرزشی ـ Gulf News**

بەرنامەی چیرینجیتۆی تەلەڤزیۆنیی ئیسپانی، ئاشکرایکرد کە ئەنتوان گریزمانی ئەستێرەی فەرەنسی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی زۆر تووڕەیە لە یانەی ریال مەدریدی شاهانە، لەبەرئەوەی بایەخی پێینەداوە.

جۆسێپ پیدرۆل، کە ڕۆژنامەنووسێکی بەناوبانگی ئیسپانییە، لە بەرنامەی چیرینجیتۆی بەناوبانگدا گوتی «هەرچەندە دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆر باسی ویستی گریزمان بۆ چوونە ڕیزەکانی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا گریزمان دەیەوێ بچێتە ریال مەدرید».

ئەو ڕۆژنامەنووسە گوتیشی «گریزمان زۆر تووڕەیە لە ریال مەدرید لەبەرئەوەی پشتگوێی خستووەو هیچ هەوڵێکی نەداوە بۆ گرێبەستکردن لە گەڵیدا کە دەمێکە چاوەڕێی هەنگاوێکی لەو شێوەیەی لە ریال مەدرید دەکرد».

گریزمانی تەمەن 26 ساڵ، ئێستا بە یەکێک لە باشترین یاریزانانی لالیگا دادەنرێت، کە لەم وەرزەدا 16 گۆڵی بۆ یانەکەی تۆمارکرد و ئێستا کەوتووەتە بۆسەی چەندین گەورە یانەیە ئەورووپی، بەتایبەتیش مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، کە خۆزێ مۆرینیۆی ڕاهێنەری یانەکە دەیەوێ بیکاتە یەکێک لە ئەستێرە هەرە لەپێشەکانی یانەکەی.



بەر لە دەستنیشانکردنی بە ڕاهێنەری بارسیلۆنا..

# ڤالڤێردی لەگەڵ مێسی ڕێککەوتووە

**ڕووداوی وەرزشی ـ Sport**

چەند سەرچاوەیەکی ڕۆژنامەڤانی لە ئیسپانیا باس لەوە دەکەن، دوای بوونی ئێرنستۆ ڤالڤێردی بە ڕاهێنەری یانەی بارسیلۆنا، یەکەم کاری گرێبەستکردن دەبێت لەگەڵ یاریزانێک کە بە ڕێککەوتنی خۆی و لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی ئەو بڕیارەی داوە.

ئەو سەرچاوانە باس لەوە دەکەن کە یاریزانی نێودەوڵەتی ئیتاڵی، مارکۆ ڤێراتی، ئەستێرەی هێڵی ناوەڕاستی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی، بۆ بەسەربردنی پشووی هاوینە دەچێتە دورگەی ئیپیزا و لەوێیەوە چاوەڕێی بارسیلۆنا دەکات.

ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی دووپاتیکردەوە، ڤێراتی لەو دورگە ئیسپانییەوە چاوەڕێی بارسیلۆنا دەکات، بۆ ئەوەی قسەیان لەگەڵ بکات، لەسەر ئەگەری هاتنی بۆ تیپەکە لە وەرزی داهاتوودا، دانوستان کردنیش لەبارەی ئەمەوە. ڕۆژنامەکە ئاماژە بەوەش دەکات، هەرچەندە مارکۆ لێدوانی داوە، بەوەی دەیەوێ لە پاریس بمینێتەوە، بەڵام ئاواتی ئەوە دەخوازێت لەتەک لیۆنێل مێسی یاری بکات و نازناوی چامپیۆنزلیگ بەدەستبێنێت، کە یانەی پاریس سانجێرمان لە وەرزەکانی ڕابردوودا نەیتوانیوە بەدەستی بێنێت. ڕۆژنامەکە نووسیویەتی «ڤالڤێردی ڕاهێنەری نوێی بارسیلۆنا لەجیاتی لویس ئێنریکی لە وەرزی داهاتوو، لەگەڵ مێسی کۆک و هاوڕایە لەسەر ئەوەی لەجیاتی کۆتینیۆی یاریزانی بەرازیلی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی، گرێبەست لەگەڵ ڤێراتی بکرێت، چونکە پێیوایە دەبێتە ئایندەی ناوەڕاستی یاریگەی بارسا لە ساڵانی داهاتوودا». ڕۆژنامەکە ئەوەشی دەرخستووە، ڤێراتی ئەگەر بڕیار بدات واز لە پاریس سانجێرمان بێنێت، بارسیلۆنا ئامانجی یەکەمی دەبێت، هەرچەندە بایرن میونشن و چێڵسیش دەیانەوێ گرێبەستی لەگەڵدا بکەن.





کاتێک یارییەکی بارسا زەحمەت بێت..

# مێسی چی بە ئینێستا دەڵێت؟!

**ڕووداوی وەرزشی ـ Sport**

لیۆنێل مێسی، ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی، باسی نهێنییەکی نێوان خۆی و ئەندرێس ئینێستای هاوڕێی دەکات و ئاشکرای دەکات کە ئەو چی بە ئینێستا دەڵێت لەو یارییانەدا کە زەحمەتن.

لەو کتێبەدا کە لەسەرژیانی ئینێستا نووسراوە، هەندێ قسەی مێسی بڵاوکراونەتەوە کە باس لە نهێنییەکی نێوان خۆی و ئینێستا دەکات. مێسی لەو بارەوە دەڵێت «لە کاتی یاریکردندا هەمیشە حەزدەکەم ئینێستا لە نزیک من بێت، چونکە ئەو سەرکردەیە، هەمیشە هێز و وزە دەداتە تیپەکەمان، یاری دەکاتەوەو پاسی جوان دەنێرێت، هەموو شتێکی جوان بە تۆپ دەکات». هەر لەو کتێبەی ئینێستادا مێسی زیاتر لەبارەی نیگارکێشەکەی ئیسپانیا و بارسیلۆناوە قسە دەکات و دەڵێت «لەو یارییانەشدا کە هەست دەکەین یاری لەسەرمان زەحمەت بووە، بە ئینێستا دەڵێم زیاتر لێم نزیک بکەوە، تا پێتدەکرێت لێم نزیکە بە، چونکە ئەو زۆر پاس دەداتە من و دەتوانین پێکەوە شتێک بۆ تیپەکە بکەین، لە ڕاستیدا کاتێک ئینێستا لێم نزیک دەبێت زۆر باشتر یاری دەکەم».

بەسەرهاتێکی سەیری ئیدین لەگەڵ یانە کۆنەکەی..

# هازارد بە سەرخۆشی هاتریکی تۆمارکرد

**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

ئیدین هازارد، ئەستێرەی بەلجیکی یانەی چێڵسی ئینگلیزی، بەسەرهاتێکی سەیری لەگەڵ یانە کۆنەکەی، لیلی فەرەنسی هەیە، کە لە دوایین یاری خۆیدا لەگەڵ ئەو یانەیەدا هاتریکی تۆمارکردووە، سەرەڕای ئەوەی بەهۆی زۆر خواردنەوەی مەی و سەرخۆشبوون نەیتوانیوە مەشقەکانی پێش یارییەکە ئەنجام بدات.

دوای دڵنیابوون لە گواستنەوەی بۆ چێڵسی، یاری بەیانی لە دژی نانسی، دوایین یاری هازارد بە درێسی لیل دەبێت. ئەوەش پاڵی پێوەنا شەونخونی بکات و لەگەڵ هەندێ هاوڕێی ئاهەنگ بگێڕێت، لە یانەیەکی شاری لیل و مەی بخواتەوە. هازارد ئەو شەوە زۆری خواردەوەو تاوەکو بەیانی نەخەوت و بەسەرخۆشی ئاهەنگی گێڕا، بۆیە پێش یارییەکە نەیتوانی لەگەڵ تیپەکەی ڕاهێنان بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سوور بوو لەسەر ئەوەی بەشداری بکات، چونکە دوایین یاری دەبوو لەگەڵ یانەی لیل، هەرچەندە یارییەکەش هیچی لە هەڵوێستی یانەکەی لە ڕیزبەندی خولەکە نەدەگۆڕی.

هازارد بەشداری یارییەکەی کرد، بەڵام سەیر لەوەدابوو کە ئەو توانی لەو یارییەداو بەو حاڵەوە هاتریک تۆمار بکات و پێشەوایەتی تیپەکەی بکات، بە ئەنجامی 4 ـ 1 گۆڵ لە نانسی بباتەوە، بەمەش بە باشترین شێوە ماڵئاوایی لە جەماوەری لیل کرد.

## جوانترین لێدوانەکانی



هەر کاتێ گوتیان ڕۆناڵدۆ تەواو بووە بەهێزتر دەگەڕێتەوە، لە تەمەندا جارێک یاریزانێکی وەک ئەو دەبینی

تارق زیاب
(شرۆڤەکاری بی ئێن سپۆرت)



لەگەڵ ڕێزم بۆ دیستیفانۆ، پێلێ، کرۆیف، مارادۆنا، زیدان و کریستیانۆ، بەڵام مێسی باشترین یاریزانە لە مێژوودا

مانۆلا لاما
(ڕاگەیاندنکاری بەناوبانگی مەدریدی)



لە ژیانمدا تەنیا دووجار لەنێو یاریگەدا ترساوم، جارێکیان بەرامبەر جەزائیر لە مۆندیالی 2014 و جارێکیشیان بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید لە فینالی چامپیۆنزلیگ

تۆنی کرۆس
(یاریزانی یانەی ریال مەدرید)



گاڵتەم لەگەڵ فێرگسۆن کردو پێمگوت تۆ لەگەڵ مانچێستەر یونایتد هەموو نازناوەکانت بردەوە تەنیا یۆرۆپالیگ نەبێت، بۆیە من هاتم تا ئەویش ببەمەوە

خۆزێ مۆرینیۆ
(ڕاهێنەری مانچێستەر یونایتد)




بۆ ئەوەی نازناوی لالیگا ببەینەوە دەبێ لە ریال مەدرید باشتر بین، چونکە ئەگەر وەک ریال بین ئەوان دەیبەنەوە بەهۆی یاسای ناوبژیوانان

جیرارد پیکێ
(بەرگریکاری یانەی بارسیلۆنا)



ئەگەر ئێستاش یاریزان بوومایەو یۆرگن کلۆپ پێیگوتبام وەرە یاری بۆ لیڤەرپوول بکە، بە ڕاکردن دەچووم بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتەم لەدەست نەچێت

ستیڤن جیرارد
(کاپتنی پێشووی یانەی لیڤەرپوول)



## درۆیە

ئەلیکس ڤیدالی بەرگریکاری یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی هەموو ئەو دەنگۆیانەی بەدرۆخستەوە کە باسیان لە ویستی ئەو بۆ ڕۆیشتن لە یانەی بارسا دەکرد و رایگەیاند ئەو لە بارسا ناڕوات. یاریزانی ناوبراو لەو بارەوە گوتی «درۆیە، من لە بارسێلۆنا ناڕۆم، بەلای کەمەوە وەرزێکی دیکە لەو یانەیە دەمێنمەوەو کۆشش دەکەم بۆ ئەوەی بتوانم شوێنی خۆم لە پێکهاتەی سەرەکیدا بکەمەوە. زۆر زەحمەتە یاریزانێک دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخسابێت یاری بۆ بارسا بکات، کەچی بڕوات».



# راهێنەری بەرازیل فشار دەخاتە سەر بارسا

رووداوی وەرزشی ـ Samba

تیتی، راهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل، داوا لە بەرپرسانی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی دەکات، هەموو هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ بۆ بەدەستهێنانی تواناکانی فلیپی کۆتینیۆی ئەستێرەی بەرازیلی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی.

یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، ماوەیەکە هەوڵدەدات تواناکانی کۆتینیۆی یاریزانی بەرازیلی لە ریزەکانی لیڤەرپوول بەدەستبێنێت، بەهۆی ئەو ئاستە باشەی ئەو یاریزانە پێشکەشی دەکات، کە رۆڵی لەوە هەبوو تیپەکەی بگاتە چامپیۆنزلیگ لە وەرزی داهاتوودا، کەچی لیڤەرپوول دەستی بەو یاریزانەوە گرتووەو بیر لە لەدەستدانی ناکاتەوە.

تیتی، راهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل، لە لێدوانێکدا داوای لە یانەی بارسێلۆنا کرد، فشار بخاتە سەر یانەی لیڤەرپوول، تاوەکو خزمەتەکانی کۆتینیۆ بەدەستبێنێت، ئاماژەی بەوەشکرد، ئەگەر ئەو یاریزانە بچێتە خولی ئیسپانیا و یانەی بارسێلۆنا، شتێکی نایاب دەبێت.

تیتی لە لێدوانە رۆژنامەڤانییەکەیدا گوتی «نامەوێ دەست لە کاروباری دەستەوارەکانی بارسێلۆنا وەربدەم، بەڵام کێ هەیە نەیەوێ گرێبەست لەگەڵ کۆتینیۆدا بکات». هەروەها گوتیشی «کۆتینیۆ بۆ بارسێلۆنا یاریزانێکی نموونەیی دەبێت لە هێڵی ناوەڕاستدا، وەک ئەندرێس ئینییێستا و ئیڤان راکیتیچ».

راهێنەری هەڵبژاردەی سامبای بەرازیل، لە کۆتاییدا گوتی «لە لیڤەرپوول کۆتینیۆ لەلای چەپ یاری دەکات، ئەگەر من لە شوێنی یۆرگن کلۆپ، یان لە شوێنی بارسێلۆنا بام، دەجەنگام بۆ ئەوەی کۆتینیۆم هەبێت».



# ئەسینسیۆ هەڕەشە لە زیدان دەکات

رووداوی وەرزشی ـ Sport

چەند راپۆرتێکی رۆژنامەڤانی لە بەریتانیا ئاشکرایانکرد ئەسینسیۆی هێرشبەری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی هەڕەشەی ئەوەی لە ئیدارەی یانەکەی و زەینەدین زیدانی راهێنەری کردووە ئەگەر لە وەرزی داهاتوودا پشتگوێ بخرێت ریزەکانی یانەی شاهانە بەرەو یانەیەکی گەورەی پریمەرلیگ جێدەهێڵێت.

بەپێی ئەو سەرچاوانە، ئەسینسیۆ رازی نابێت چیدی زیدان وەک یاریزانی یەدەگ یاری پێبکات، بەتایبەتیش کە یانەیەکی گەورەی پریمەرلیگ داوای گرێبەستی لێدەکات.

ئەو سەرچاوانە دەڵێن «ئەسینسیۆ راشکاوانە بە زیدانی راهێنەری گوتووە ئەگەر لە وەرزی داهاتوودا شوێنی من لە پێکهاتەی سەرەکی ریال مەدریددا مسۆگەر نەبێت من دەچمە ریزەکانی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی». هەروەها ئەو سەرچاوانە دەشڵێن «لەبەرئەوەی فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی ریال مەدرید سوورە لەسەر گرێبەستکردن لەگەڵ هێرشبەرێکی سۆپەر، لەوانەیە ئەسینسیۆ نەتوانێت شوێنی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکی زیداندا بکاتەوە، بۆیە دوورنییە بچێتە لیڤەرپوول».



### 290 ملیۆن یۆرۆ بودجەی ریال مەدریدە..

# پیرێز بۆ زێدان: چیت دەوێ وا بکە

رووداوی وەرزشی ـ CNBC

یانەی ریالی مەدریدی ئیسپانی، بە پێشەوایەتی سەرۆکەکەی فلۆرەنتینۆ پیرێز، دەیەوێ بە بودجەیەکی گەورەوە بچێتە نێو بازاڕی گواستنەوەی هاوینە. یانەی شاهانە بە هیوای ئەوەیە، لە بازاڕی گواستنەوەکاندا هاوسەنگی دروست بکات، بەو دەستەوارانەی دێنە ریزی تیپەکە، لەگەڵ ئەو داهاتانەی لە فرۆشتنی هەندێ یاریزانی دەستی دەکەوێ.

رۆژنامەی سپۆرتی کەتالۆنی لە راپۆرتێکیدا ئاماژەی بەوە کردووە، پیرێز بڕی 290 ملیۆن یۆرۆ بۆ بودجەی گرێبەستەکان تەرخان دەکات، بۆ ئەوەی داواکارییەکانی راهێنەر زەینەدین زێدان بەدیبێنێت. تاوەکو ئەمڕۆ ریال مەدرید گرێبەستی لەگەڵ ڤینیسیۆس جۆنیۆر لە یانەی فلامینگۆی بەرازیلی واژووکردووە، زێدەبارەی نزیک کەوتنەوەی تیۆ هێرناندێز، یاریزانی ئەتلەتیکۆ مەدرید، کە بە خواستن بۆ یانەی دیپۆرتیڤۆ ئالاڤێس یاری دەکات، بەهای هەردوو دەستەوارەش 75 ملیۆن یۆرۆیە.

یانەکە بڕی 55 ملیۆن یۆرۆ بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ دێڤید دی خیا، گۆڵپارێزی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی تەرخان دەکات، لەوانەیە بەهای گرێبەستەکە لە ئەگەری تەواوبوونی، بە رەزامەندی هەردوو لایەن بگاتە 70 ملیۆن یۆرۆ. بێجگە لەو سێ یاریزانە، ریال چاوی لە کیلیان مباپێ بەهرەمەندی مۆناکۆی فەرەنسیش بڕیوە، کە ریال مەدرید بۆ دەستەوارەکەی بڕی 120 ملیۆن یۆرۆی ئامادە کردووە.

بەم دواییە مێرینگێ هەوڵ بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ دانی سیبایۆسی یاریزانی ریال بیتسیش دەدات، بە بڕی 20 ملیۆن یۆرۆ. لە بەرامبەردا ریال مەدرید پێشبینی فرۆشتنی جیمس رۆدریگز و ئەلڤارۆ مۆراتا دەکات، بە بڕی 80 ملیۆن یۆرۆ بۆ جیمس و 70 ملیۆن یۆرۆش بۆ مۆراتا.



## لەدوای ئەو یارییە هازارد چووە ریزەکانی چێڵسی ئینگلیزی

## ... هەفتە



هێشتا زەحمەتە بڵێم زیدان باشترین راهێنەرە لە مێژووی مندا، بەڵام بەشێوەیەکی نایاب بە رێگەی راستدا دەڕوات

کریستیانۆ رۆناڵدۆ
(ئەستێرەی یانەی ریال مەدرید)



من نەمدەویست لە ریال مەدرید بڕۆم، بەڵام ئەوکات کاپێلۆ راهێنەر بوو، نەیدەویست لەوێ بمێنمەوە بەپاساوی ئەوەی هەندێک قەڵەو بووم

رۆناڵدۆ
(دیاردەی تۆپی پێی بەرازیل)



ناتوانی بیر لەوە بکەیەوە کە چۆن مێسی رادەگری، چونکە هزر و جەستەت زۆر ماندوو دەبێت و هیچ چارەسەرییەکیش نادۆزییەوە

دیێگۆ سیمیۆنی
(راهێنەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید)



تەمەنم لەوە بچووکترە لەسەر کورسی یەدەگ دانیشم، پرس بە ژنەکەم دەکەم و بڕیاری کۆتایی لەسەر مانەوەم یان رۆیشتن لە مانچێستەر یونایتد دەدەم

واین رۆنی
(ئەستێرەی یانەی مانچێستەر یونایتد)



لەنێو یاریزانانی ریال مەدریددا تۆنی کرۆسم زۆر خۆش دەوێت، چونکە کە یاری دەکات هەستدەکەم زۆر بە من دەچێت

چاڤی هێرناندێز
(کاپتنی پێشووی یانەی بارسێلۆنا)



لەدوای یاری ئێمە و یوڤانتۆس لە ژووری جلگۆڕین هەموومان بەسەرسوڕمانەوە باسی گەورەیی و تواناکانی بوفۆنمان دەکرد، هیوادارم باڵۆن دۆر بباتەوە

یاسپێر سیلیسین
(گۆڵپارێزی یانەی بارسێلۆنا)





## برۆ

ڤاڵدیرامای ئەفسانەی تۆپی پێی کۆلۆمبیا، جارێکی دیکە رێنمایی هاونیشتیمانییەکەی، جیمس رۆدریگزی ئەستێرەی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی کرد لە یانەی شاهانە بڕوات بۆ ئەوەی ئاستی خۆی لەدەستنەدات. ڤاڵدیراما لەو بارەوە رووی قسەکانی لە جیمس کرد و گوتی «برۆ، پێویستە تۆ بە بەردەوامی یاری بکەی، تۆ ئەستێرەیەکی گەورەی، ناکرێت وەک یاریزانی یەدەگ مامەڵەت لەگەڵ بکرێت، چەندین گەورە یانەی ئەوروپا داوای گرێبەستت لێدەکەن، پێویستە برۆیت بۆ ئەوەی ئاستی خۆی لەدەست نەدەی».

# بەهۆی تاتۆیەک لە یاری کۆتایی بێبەش بوو

**رووداوی وەرزشی - DW**

گیێرمۆ ڤاریلا، بەرگریکاری ئۆرۆگوایانی یانەی ئینتراخت فرانکفۆرتی ئەڵمانی، کە بە خواستن لە یانەی مانچێستەر یونایتدەوە هاتووە، بەشداری یاری کۆتایی جامی ئەڵمانیای بەرامبەر بورۆسیا دۆرتمۆند نەکرد، بەهۆی هەستیاری توندی لەو تاتۆیەی چەند رۆژێک پێش یاری کۆتایی کوتابووی.

بڕیار وابوو ڤاریلا بەشێوەی سەرەکی بەرامبەر بورۆسیا دۆرتمۆند بەشداری بکات، بەڵام ئەو یاریزانە فەرمانەکانی راهێنەرەکەی نیکۆ کۆڤاچ و پزیشکانی رەتکردەوەو چوار رۆژ لە پێش یارییەکە تاتۆیەکی کوتا.

بە گوێرەی تۆڕی کەناڵەکانی سکای سپۆرتسی بەریتانی، کۆڤاچ بە رێنمایی پزیشکان، داوای لە ڤاریلا کردبوو، ئەو تاتۆیە نەکوتێ، نەوەک جەستەی کاردانەوەی بۆی هەبێت، بەڵام ڤاریلا بە گوێی نەکرد، بۆیە بەهۆی ئەو ئازارەی زۆری هەستی پێدەکرد، لە یاری کۆتایی جامی ئەڵمانیا دابڕا، یانەی ئاینتراخت فرانکفۆرت ئەو یاریزانەی راگرت و بڕیاریدا، گرێبەستی خواستنەکەی تازە نەکاتەوە، چونکە گوێڕایەڵی فەرمانەکان نەبووە.

فرێدی بۆبیچ بەڕێوەبەری وەرزشیی یانەکە گوتی «گەشتی ڤاریلا لەگەڵ فرانکفۆرت لێرە کۆتایی دێت، یانەکە ناتوانێ لەگەڵ یاریزانێک رێککەوێ، کە بەپێچەوانەی رێنمایی راهێنەر و پزیشکان هەڵسوکەوت بکات». هەروەها گوتیشی «بیرمان لە تازەکردنەوەی گرێبەستی خواستنەکەی دەکردەوە، بەڵام ئەوە دوای ئێستا نابێتە کێشە، چونکە ڤاریلا راستەوخۆ رادەگیرێت».



## کوڕەکانی لە خۆی بەناوبانگترن..
# هاوسەری بونۆچی هەرای نایەوە

**ئا: رەمزی میرەکانی**

لیوناردۆ بونۆچی، هاوسەری یاریزانی ئیتاڵی یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی، دووچاری رەخنەی توند بووەوە، دوای ئەوەی وێنەیەکی خۆی بە دانیشتوویی لە ئاودەست بڵاوکردەوە.

مارتینا ماکاری پێش دوو هەفتە لەسەر ئەژماری فەرمی خۆی لە ئینستاگرام، وێنەیەکی خۆی بە دانیشتوویی لە ئاودەست بڵاوکردەوەو لەسەری نووسی «رەوشی ئێست» وێنەکە کۆمێنت بوو لەسەر بەرامبەربوونی یوڤانتۆس بەرامبەر ئەتلانتا بە 2 گۆڵ لە چوارچێوەی یارییەکانی کالچیۆدا، ئەوەش جەماوەری یۆڤی زۆر تووڕەکرد، بۆیە یەکێک کۆمێنتی ئەوەبوو «پێتوایە چی دەکەی؟ تۆ ئەو یانە گەورەیە شەرمەزار دەکەی، بۆنۆچی شتێک لەگەڵ هاوسەرەکەت بکە». هاندەری یانەیەکی دیکە بە گاڵتەوە نووسیبووی «ئایا یوڤانتۆس لەوێوە هاتووە ؟».

یانەی یۆڤی نازناوی خول و جامی ئیتاڵیای بەدەستهێناوە، ئێستاش لە بەدەستهێنانی یەکەم سێیانە لە مێژووی خۆیدا نزیکە، چونکە زێدەباری ئەو دوو نازناوە، لە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگیش رووبەڕووی یانەی ریال مەدرید دەبێتەوە.

چەند راپۆرتێکی پەیوەست باس لەوە دەکەن، دوو کوڕەکەی بۆنۆچی (ماتیۆ و لۆرینزۆ) ئەستێرەییان لە باوکیشیان رفاندووە، بەهۆی هاسۆزی ئیتاڵییەکان لەگەڵ ماتیۆی نۆبەرە، کە تووشی نەخۆشییەکی ترسناک بووە، بایەخدان بە منداڵی دووەمیش، لەبەر ئەوەی ئاهەنگگێڕانی لەگەڵ یۆڤی جێی گومانە، چونکە ئەو هاندەری تۆرینێۆی دراوسێیە، بەڵگەش ئەوەیە دوای چەند رۆژێک، لە هاندانی یانەی تۆرینۆ، تیپی دووەمی شارەکە، لەسەر پەیژەکانی یاریگە دەرکەوت، هەرچەندە باوکیشی رازی نییە.



## درێسە تازەکەی ئارەقە دەمژێت و زوو وشکدەبێتەوە..
# رۆمای وەرزی داهاتوو جیاواز دەبێت

**رووداوی وەرزشی - SPORT**

یانەی رۆمای ئیتاڵی، وردەکاری دەستەجلی وەرزی داهاتووی تیپەکەی ئاشکرا کرد. ماڵپەڕی فەرمی یانەی رۆما باس لەوە دەکات، دەستەجلی تازە لە چەند رەنگێکی مێژوویی یانەکە پێکهاتووە، کە ئەویش سوور و زەردە، هەرچی قوماشەکەیە لەلای سینگی لە چەند جۆری جیاواز دروستکراوە، تەنیشتە لاستیکییەکانیشی لە کاتی راکردنی یاریزانەکان فراوان دەبێت، بۆ ئەوەی هێڵە زەردەکان دەرکەوێ و هەواگۆڕکێ بکات.

ماڵپەڕەکە باسی ئەوەش دەکات، درێسی یانەکەی پایتەختی ئیتاڵیا، دەستەواژەی «ئێمە رۆماین»ی لەسەرە، کە ئاماژەیە بۆ بەهێزی پەیوەندی نێوان یانەکە و هاندەرانی.

لەبارەی کوالیتی دەستەجلە تازەکەش، یانەی رۆما گوتی «درێسە تازەکە رێژەی 20% ئارەقە دەمژێ، بە رێژەی 25% لە جۆرەکانی پێشوو زووتر وشک دەبێتەوە، هەر ئەوەندە نا، بەڵکو درێسە تازەکە بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای AEROSWIFT دروستکراوە، بەمەش بە رێژەی 10% سووکترەو بە رێژەی 500% لاستیکییە.

رۆژی یەکشەمەی رابردوو، یانەی رۆما بۆ جاری یەکەم بە درێسە تازەکەی دەرکەوت، ئەویش لەسەر یاریگەی ئۆلمپیکۆ بەرامبەر جەنەوا بوو، لە دوایین گەڕی کالچیۆدا، کە دوایین یاری ئەفسانەی یانەکەش فرانچیسکۆ تۆتی بوو.

## فرانچیسکۆ تۆتی..
# پاشای ئیتاڵیا و ئەفسانەی ئەوروپا

**ئا: سامان وڵاتزێری**

رۆژی یەکشەممەی رابردوو لە رۆما رۆژێکی تایبەت و خەماوی بوو، هەموو دەنگ و رەنگەکان ببوونە فرانچیسکۆ تۆتی، کاتێک دوای 25 ساڵ یاریکردن لە ریزەکانی یانەی یەکەمی پایتەختی ئیتاڵیا ماڵئاوایی لە یانەکەی کرد.

تۆتی ئێستا تەمەنی 40 ساڵەو زیاتر لە نیوەی تەمەنی لە یاریکردن بۆ جیالۆرووسی تەرخانکرد، تاوەکو بە ئاستە بەرز و سەرنجڕاکێشەکەیەوە بووە پاشای یانەکە.

لە کاروانی وەرزشیدا فرانچیسکۆ تۆتی 786 یاری لە ماوەی 25 وەرزدا لەگەڵ رۆما ئەنجامداوەو سێیەم یاریزانە دوای پاولۆ ماڵدینی و خافێر زانێتی زۆرترین یاری بۆ یانەیەک ئەنجامدابێت، پاشاییەکەی رۆما 307 گۆڵی بۆ یانەکە تۆمارکردووە، 250 لەو گۆڵانە لە سێریا ئەی بووە، ئەمە جگە لەوەی 197 گۆڵی بۆ هاوڕێیەکانی دروستکردووە، بەڵام ئەوەی بۆ هەمووان جێگەی سەرنجە، تۆتی نازناو گەلێکی نەبردووەتەوە، بەڵام یانەکەی بەجێنەهێشت و مایەوە.

تۆتی لە تەمەنی 16 ساڵییەوە لە رۆما دەستیپێکرد، بەردەوامبوو تاوەکو بووە سیمبۆلی هەرە گەورەی یانەکە و لە بەرامبەر جێنەوا لە تەمەنی 40 ساڵیدا، دوایین یاری خۆی بەدرێسی یانەکە ئەنجامدا و بە رۆمای گوت « سوپاس، ئێستا کاتی دەستپێکردنی ژیانێکی نوێیە، بەڵام ئەو ژیانە نوێییە دیارنییە لە کوێ دەبێت و کاروانە وەرزشییە شکۆدارەکەی بۆ هەمیشە لە دڵی هاندەرانی یانەکەدا دەهێڵێتەوە».

یانەی رۆمای پایتەختیش وەفاداری بەرامبەر یاریزانێکی تەمەن 40 ساڵی نواندا، کە 25 ساڵی تەمەنی خۆی بۆ ئەو یانەیە تەرخانکردووە. رۆما لەسەر یاریگەی ئۆلۆمپیکۆ ئاهەنگێکی سۆزداری کاریگەری بۆ رێزلێنان و ماڵئاواییکردن لەو ئەفسانەیە سازکردو لەنێو فرمێسکی هەمووان‌دا تۆتی خواحافیزی کرد، کە هەتا هەتایە ناوی ئەو یاریزانەیە وەک ئەفسانەیەکی گەورە لە مێژووی رۆما، ئیتاڵیا، ئەوروپا و جیهاندا دەمێنێتەوە.





لە پەیوەندییەکی نەپچڕاودا بمێنەوە
لەگەڵ پاکێجە نایابەکانی فەیسبووك
لە کورەك

ئێستا لە (کورەك)ەوە، پاکێجەکانی فەیسبووك بەدرێژایی کات لە پەیوەندیت دەهێڵێتەوە.
پاکێجێك هەڵبژێرە:

| پاکێج | قەبارە | نرخی بەشداریکردن | بەردەستبوون (رۆژ) |
|---|---|---|---|
| هەفتانە | 300 مێگابایت | 3000 د.ع | 7 |
| رۆژانە | 50 مێگابایت | 1000 د.ع | 1 (24 کاتژمێر) |

چێژ لە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی فەیسبووك و فەیسبووك ماسنجەر وەربگرە.
بۆ بەشداریکردن، پەیوەندی بکە بە #360* و پەیڕەوی رێنماییەکان بکە

411
korektel.com



**ناخەوێت**

پاولۆ دیبالای ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی یوڤانتۆسی ئیتالی، هیوادەخوازێت یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ لە یانەی ریال مەدرید ئیسپانی بباتەوەو دەڵێت «ئەگەر ئەو یارییە ببەمەوە تاوەکو بەیانی ناخەوم». دیبالا لەو بارەوە لە لێدوانێکدا گوتی «هیوادارم لە کاردیف ناچار نەبم بخەوم، چونکە دەمەوێ نازناوی چامپیۆنزلیگ ببەمەوەو تاوەکو بەیانی نەخەوم و ئاهەنگ بگێڕم». ئەو یاریزانە ئەرجەنتینییە هەروەها گوتیشی «بێگومان لە شەوی بەر لە یارییەکەدا زۆر باش دەخەوم، بۆ ئەوەی لە شەوی یارییەکە نەخەوم ئەگەر بردمانەوە».

شرۆڤە و ئامارەکانی یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ..

# بۆفۆن و رۆناڵدۆ سەرکردایەتی دواجەنگی چامپیۆنزلیگ دەکەن

شرۆڤە: ئەحمەد سەنگاوی

ئەو دوو یانەی گەیشتوونەتە فایناڵی چامپیۆنزلیگ، شایستەترین دوو یانەی پاڵەوانیەتی ئەم وەرزە بوون، چونکە هەردوو یانە ڕێگەیەکی سەختیان بۆ گەیشتن بە یاری کۆتایی بڕیوە، یوڤنتۆس لە 12 یاری رابردوودا تووشی شکست نەبووە، هەرچی ریال مەدریدە لە دواین یارییدا بەدەستی ئاتلێتیکۆ مەدرید تووشی شکستبوو.

## چامپیۆنزلیگی ڕاستەقینە

هەمیشە دەگوترێت چامپیۆنزلیگی ڕاستەقینە لە دوای کۆتاییهاتنی قۆناخی گرووپەکانەوە دەستپێدەکات، هەربۆیە ئاستبەرزیی ئەم 2 یانەیە لە دوای قۆناخی گرووپەکانەوە دەرکەوت، یوڤنتۆس هەر لە یاری یەکەم پۆرتۆ، بارسیلۆنا و مۆناکۆی تووشی بێهیوایی کردو ئەرکی تێپەڕاندنی قۆناخەکانی بۆ فایناڵ ئاسانکرد، هەمان جدییەت لە ریال مەدریدیش بەدیکرا، کاتێک لە یاری یەکەم بەسەر ناپۆلی، بایرن میونشن و ئاتلەتیکۆ مەدرید سەرکەوت، بە ئەندازەیەکی زۆر هیوای هەرسێ رکابەرەکەی لاواز کرد، لە کۆی 6 یاری لە قۆناخی شازدە، هەشت و چوارگۆشەی زێڕین، لە 5 یاری سەرکەوتنی بەدەستهێنا. بە کورتی ریال مەدرید و یوڤنتۆس زۆر بە ئاسانی و بە شایستەیی لە یاری یەکەمی قۆناخەکان ڕێگەی سەرکەوتنیان بۆ قۆناخی داهاتوو ئاسان دەکرد.

## زەیەندین زیدان

زەیەندین زیدان دوو وەرزە یاری لەدوای یاری زیاتر خزمەت بە چارەنووسی ریال و ئەزموونی کاری ڕاهێنەریی خۆی دەکات، تیپێکی دروستکردووە لە تۆمارکردنی گۆڵ گرفتی نییە، بۆ تۆمارکردنی گۆڵ تەنیا پشت بە توانای هێرشبەر نابەستێت، بە جۆرێک زیاد لە 18 یاریزانی شاهانە لەم وەرزەدا گۆڵیان کردووە، تەنانەت سەرجەم بەرگریکاران گۆڵیان کردووە، تیپێکە لە هەر یانەیەکی دیکە زیاتر سوودی لە تۆپی وەستاو وەرگرتووە بۆ تۆمارکردنی گۆڵ، لە هەر تیپێک زیاتر سوودی لە توانای یاریزانە یەدەگەکانی وەرگرتووە، بەهۆی ئاستبەرزی و لێکنزیکی ئاستی یاریزانە سەرەکی و یەدەگەکان شتێک لە ریال نەماوە بەناوی یاریزانی سەر کورسیی یەدەگ، یاریزانە یەدەگەکان ڕۆڵیان لە گۆڕینی ئەنجامی یانەکە هەبووە، توانای قەرەبووکردنەوەی شوێنی ئەو یاریزانانە سەرەکیانەیان هەبووە کە ئاستیان نزمە، یان دووچاری پێکران بوون. یاریکردنی ناتچۆ لە هەر 4 جێگەی یاریکردن لە هێڵی بەرگریی و ئامادەیی لە 39 یاری ئەم وەرزەی یانەکەی، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە لە ریال شتێک بەناوی یاریزانی یەدەگ بوونی نەبووە. یاریکردنی ئاسێنسیۆ، ئیسکۆ، جێمس و کۆڤاسیچ لە چەندین جێگەی یاریکردن گەواهیدەری ئەو ڕاستییەیە، کە یاریزانە یەدەگەکانی ریال، هەم یاریزانی ئەنجامگۆڕ و هەم کارتی گرنگی دەستی ڕاهێنەر و هەم یاریزانی جۆکەر بوونە، کە وا دەکات ڕاهێنەر بە هەر گۆڕانکارییەک پلان و تەکتیکی تیپەکەی بە ئاسانی بگۆڕێت. زیدان باش لەو ڕاستییە تێگەیشتووە، یاریزانەکانی ریال پەیوەستکردنیان بە تەکتیک و ناچارکردنیان بە جێبەجێکردنی تەکتیکی ڕاهێنەر کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ئاستیان دروستدەکات، ئەزموونی لۆکسەمبۆرگۆ، کاماتچۆ، مۆرینیۆ و ڕافا بینیتێز ئەو ڕاستییەی سەلماند، هەر ڕاهێنەرێک بیەوێ فەلسەفەی تەکتیکی خۆی بەسەر یاریزانەکانی ریال فەرز بکات شکست دەهێنێت، هەر ڕاهێنەرێکیش هاوشێوەی دیل بۆسکی، ئەنچێلۆتی، بیر لە تەکتیکی ئاسان بکاتەوە، مامەڵەیەکی هێمن لەگەڵ یاریزانەکان بکات کەمتر بایەخ بە لایەنی تەکتیکی بدات، ئاسانتر دەتوانێت گەشە بە ئاستی ئەم تیپە بدات، بۆیە زیدان هێندەی ئیشی لەسەر دروستکردنی متمانە بۆ یاریزانەکان کرد، هێندەی ویستی ئازادیی زۆر بە هەڵسوکەوتی یاریزانەکان ببەخشێت، هێندە بۆی گرنگ نەبوو فەلسەفەی تەکتیکی خۆی بەسەر یاریزانەکان فەرز بکات، بۆیە بەخشینی ئەم ڕووبەرە لە ئازادیی بە یاریزانەکان، فشارنەکردن لە یاریزانەکان وایکرد ئەم تیپە هەموو هێز و وزەی شاراوەی خۆی لەپێناو چنینەوەی نازناوەکان خەرج بکات.

**«لە 15 ساڵی رابردوو هەرکاتێک ریال گەیشتبێتە فایناڵ نازناوەکەی بەدەستهێناوە»**

## ریال بەپێچەوانەی یوڤنتۆس

ریال مەدرید و زیدان تەنیا یەک یارییان لەپێش ماوە بۆ شکاندنی ریکۆردی مێژوویی و تا ببن بە یەکەم یانە لەدوای گۆڕینی ناوی ئەم پاڵەوانیەتییە لە 1993 کە بتوانن 2 وەرز لەسەریەک ببنە پاڵەوان. ریال پێچەوانەی یوڤنتۆس، ئەزموونێکی سەرکەوتووی هەم لە مامەڵەکردن لەگەڵ پاڵەوانیەتی چامپیۆنزلیگ هەیە و هەم ئەزموونێکی سەرکەوتووتری لە یوڤنتۆس لە یاری کۆتایی هەیە، لە 15 ساڵی رابردوو هەرکاتێک ریال گەیشتبێتە فایناڵ نازناوەکەی بەدەستهێناوە، کە بەسەر ڤالێنسیا، بایرلیڤەرکۆزن و دووجاریش بەسەر ئاتلێتیکۆ مەدرید سەرکەوت، بەڵام یوڤنتۆس خاوەن ژمارەی پێوانەییە لە شکستی یاری کۆتایی. لەم ساڵانەی دوایی. ریال لە هەر یانەیەکی دیکە زیاتر بە عیشقەوە هەوڵی بۆ بەدەستهێنانی ئەم نازناوە داوە، چەندینجار کێبڕکێی خولی ناوخۆی وەلاوە ناوە لەپێناو خۆتەرخانکردن بۆ بەدەستهێنانی ئەم نازناوە. ریال تیپێکی تۆقێنەرە لە تۆمارکردنی گۆڵ و ئاسان نییە یانەی شاهانە یاری هەبێت و نەتوانێ گۆڵ تۆمار بکات، توانای بێسنووری گۆڵکەری ئەم تیپە لاوازی هێڵی بەرگریی شاردووەتەوە، کە لە 12 یاریی ئەم پاڵەوانیەتییە 17 جار تۆڕی گۆڵەکەیان هەژێنراوە.

## مەترسی یوڤنتۆس

شانازیی یوڤنتۆس هەر ئەوە نییە کە خاوەنی هێڵێکی تۆکمەی بەرگرییە، بەڵکو خاوەن باشترین و ترسێنەرترین هێڵی هێرشبەری ئەورووپایە. 180 خولەک ڕێگەیان بە MSN نەدا مەترسی لەسەر گۆڵەکەیان دروست بکات، مۆناکۆش هاوشێوەی بارسیلۆنا ڕەحمی بە گۆڵچی ئەو تیپانە نەکرد، کاتێک ڕووبەڕوویان بووەوە، بەڵام دیسانەوە بوفۆن هاوڕێکانی دیوارێکی پۆڵاینیان بۆ پاراستنی دەروازەی گۆڵەکەیان دروستکرد. بەرگریکارانی یوڤنتۆس تەنیا لە تۆکمەیی هێڵی بەرگریی ڕۆڵیان کورت ناکرێتەوە، تەنیا هۆکاری دروستکردنی متمانە نین بۆ تیپەکەیان، بەڵکو زۆربەی ئەنجامەکان، بە تۆمارکردنی گۆڵ، یان بە دروستکردنی گۆڵیش بێت، توانیویانە قسەی کۆتایی بکەن. دانی ئالڤێش سێیەم گۆڵکەری یۆڤییە لە چامپیۆنزلیگ بە تۆمارکردنی 3 گۆڵ و یەکێکە لە باشترین گۆڵدروستکەرەکانی ئەم وەرزەی چامپیۆنزلیگ. هاوشێوەی مارسێلۆ و کارڤاخاڵ، ئەلێکس ساندرۆ و دانی ئالڤێس وەک دوو چەکی هێرشبەری و بەرگری یوڤنتۆس کاریگەرییەکی گەورەیان لە گەیاندنی یۆڤی بە فایناڵ هەیە. گەرچی توانای گۆڵکەری یوڤنتۆس بە ریال مەدرید بەراورد ناکرێت، بەڵام لە بەرامبەردا هێڵی بەرگری یوڤنتۆسیش بە هێڵی بەرگریی ریال پێوانە ناکرێت، چونکە لە 12 یارییدا یۆڤی تەنیا 3 گۆڵی لێکراوە، کەچی ریال 17 جار تۆڕی گۆڵەکەی هەژێنراوە، هەرچەندە ئەم ئامارانە نابن بە پێوەر بۆ یاریی کۆتایی، چونکە ئەو یارییە کەشێکی تایبەتەو هەمیشە ریال بە ورپاییەکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵ یاریی فایناڵدا کردووەو جدییەتی بۆ ئەم یارییە بە یارییەکانی دیکە بەراورد ناکرێت، لە هەمووی گرنگتر بەشێکی بەرچاوی یاریزانەکانی ریال ئەزموونێکی زۆری بەشداریکردنیان لە یاری فایناڵی چامپیۆنزلیگ هەیە، لە 3 ساڵی رابردوو، دووجار نازناوەکەیان بەدەستهێناوە، ئەمە جگە لەوەی یاریزانێکی وەک کریستیانۆ ئەزموونێکی یەکجار زۆری لە بەشداریکردن لە فایناڵ هەیەو گۆڵکەری مێژوویی ئەم پاڵەوانیەتییەیە، بەڵام ئەم ئەزموونی بەشداریکرنە بۆ یوڤنتۆس جیاوازە، جگە لە بوفۆن و دانی ئالڤێش سەرجەمی یاریزانەکانی دیکە تەنیا یەکجار بەشداری فایناڵی چامپیۆنزلیگیان کردووە.

**«گرفتی یوڤنتۆس ئەوەیە دەبێ نازناوەکە لە قورگی شێر دەربێنێت»**

**«یۆڤی بێجگە لەوەی هێڵێکی بەرگری ئاسنینی هەیە خاوەنی ترسێنەرترین هێڵی هێرشبەری ئەوروپاشە»**

## کەمتر خاڵی لاواز و زۆرتر خاڵی بەهێز

ریال ڕۆشنبیرییەکی قووڵ و فراوانی لە چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ یاری کۆتاییی هەیە، بەڵام گرفتی ئەم یارییە بۆ ریال ئەوەیە تیپەکەی دژبەر ئاتلێتیکۆ مەدرید نییەو خاوەن ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەستێرەی ناوداری جیهانییە، بۆ تۆمارکردنی گۆڵ تەنیا چاوی لە تواناکانی هیگواین نییە. هەر یەکێک لەو یانانەی لە قۆناخە جیاجیاکانی ئەم وەرزەی چامپیۆنزلیگ ڕووبەڕووی ریال بوونەتەوە، بایی ئەوە خاڵی لاوازیان هەبوو تا ریال بە باشی سوودی لێوەرگریت، بەڵام یوڤنتۆس خاڵی بەهێزی زیاتری لە میونشن، ناپۆلی و ئاتلەتیکۆ مەدرید هەیە، خاڵی لاوازیشی لەو 3 تیپە کەمترە کە ریال لە قۆناخەکانی یاری چوون و گەڕانەوە تێکیشکاندن. ناپۆلی ئەزموون و ئیمکانیەتی کەمترە لە یوڤنتۆس، بایرن میونشن لە نائامادەگی گۆڵکەرەکەی لە یاریی یەکەم، بە هەرەمەکی یاریکردنی هێڵی بەرگری و یاریکردن بە گرێی شکستی 2014 و پەنابردن بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی یارییەکەی پێشکەشی ریال کرد، ئەم وەرزەش ئەنچیلۆتی دەستبەکاربووبوو، ئەوە ئاتلەتیکۆ قوربانییەکی بەردەوامی دەستی ریال بووە، 4 جار لە قۆناخی جیاجیا لەم پاڵەوانیەتییە تێکیشکاندووە، کە 2 جاریان لە فایناڵ بووە.

یوڤنتۆس یەکێکە لە تیپە سەرکەوتووەکانی ئیتاڵیا لە ڕووبەڕووبوونەوەی یانە ئیسپانییەکان و ساڵانێک گرێیەکی گەورەی ریال مەدرید بوو. یوڤنتۆس بە ئاسانی و بەبێ خۆشەکەتکردن و لەدەستدانی یاریزانی گرنگ هەردوو نازناوی خول و جامی ئیتاڵیای بەدەستهێنا. ئەم تیپە بە چانس و ڕێککەوت نەگەیشتووتە فایناڵ، چونکە لە 3 وەرزی تەمەنی ڕاهێنەری ئەلێگری ئەمە جاری دووەمە دەگاتە فایناڵ و وەرزی رابردوویش بەشێوەیەکی موعجیزە ئاساو لە ساتەکانی کۆتایی یاری گەڕانەوە لە قۆناخی چارەگی کۆتایی بەدەستی بایرن میونشن دووچاری شکستبوو، بۆیە دەیانەوێ دەرفەتی لەدەستچووی فایناڵی وەرزی 2015ی بەرامبەر بارسێلۆنا لە کاردێف قەرەبوو بکەنەوە، دەیانەوێت بۆ یەکەمجار لە مێژوویاندا 3 نازناو لە وەرزێکدا بەدەستبێنن و بۆ ساتێک ئەو هەموو شکستەی فایناڵ لەبیر بکەن.

## رۆناڵدۆ و بۆفۆن

گرفتی یوڤنتۆس ئەوەیە دەبێ نازناوەکە لە قورگی شێر دەربێنێت، تۆ لە ئامانج و خەونی ریال و زەینەدین زیدان گەڕێ، یاریزانێکی گەورەی وەک رۆناڵدۆ دەرفەتێکی گەورەی بۆ هاتووەتەپێش بۆ ئەوەی پێشەنگی گۆڵکاری خولەکە لە مێسی بسەنێت کە مێسی 11 گۆڵی هەیەو رۆناڵدۆ خاوەنی 10 گۆڵە. هەروەها دەیەوێت ئەم دەرفەتە لەدەستنەدات کە لە ڕێگەی بەدەستهێنانی چامپیۆنزلیگ، ژمارەی نازناوی خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان و باڵۆن دۆر لەگەڵ مێسی یەکسان بکاتەوە. بۆیە پێش ریال رۆناڵدۆ بەو ئاسانییە بوار نادات لێگەڕێ ئەم دەرفەتەی لەدەستبچێت، چونکە لە گرنگترین یارییەکانی ریال چ لە خولی ئیسپانی و چ لە چامپیۆنزلیگ رۆڵی یەکلاکەرەوەی بینیوە لەم وەرزەدا، لە سەرجەم پاڵەوانیەتییەکاندا 40 گۆڵی کردووە، بۆیە بە بردنەوەی چامپیۆنزلیگ دەبێتە پاڵێوراوی سەرەکی بەدەستهێنانی باڵۆن دۆر، بەڵام هاوشێوەی رۆناڵدۆ یاریزانێک نادۆزیتەوە، لە یوڤنتۆس بە هەمان خەون و ئامانجی رۆناڵدۆوە لەپێناو چارەنووسی خۆیدا تێبکۆشێ، چونکە هیچ یاریزانێکی یوڤنتۆس نە خۆی بە رکابەری رۆناڵدۆ دەزانێ بۆ بوون بە باشترینی جیهان و نە هیچ گۆڵکەرێک لە یۆڤی بوونی هەیە بیەوێ بۆ بوون بە گۆڵکاری ئەم وەرزە کێبڕکێی رۆناڵدۆ بکات، ئەوەی هەیە بوفۆن دواچانسی خۆی تاقیدەکاتەوە، بۆ ئەوەی لە دواساتەکانی وێستگەی یاریکردن بۆ یەکەمجار نازناوی چامپیۆنزلیگ بەدەستبێنێت. هاوکات ئالێگری نایەوێ جارێکی دیکە باوەش بە نائومێدیدا بکاتەوەو هاوشێوەی سیمیۆنی هەر فریای نووسینەوەی شکستی یاری کۆتایی بێت.

قسەیەک هەیە دەڵێت یانە ئیتاڵییەکان 7 ساڵ جارێک دەبنە پاڵەوان، 2003 میلان، 2010 ئینتەرمیلان و ئێستاش دوای تێپەڕبوونی 7 ساڵ یوڤانتۆس دەیەوێ نازناوەکە بباتەوە.

### خولی ئیتاڵیا (دواین ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
| --- | --- |
| 1 ـ یوڤانتۆس | 91 |
| 2 ـ رۆما | 87 |
| 3 ـ ناپۆلی | 86 |
| 4 ـ ئەتەلانتا | 72 |
| 5 ـ لازیۆ | 70 |
| 6 ـ میلان | 63 |
| 7 ـ ئینتەرمیلان | 62 |
| 8 ـ فیۆرەنتینا | 60 |
| 9 ـ تۆرینۆ | 53 |
| 10 ـ سامپادۆریا | 48 |
| 11 ـ کالیاری | 47 |
| 12 ـ ساسۆلۆ | 46 |
| 13 ـ ئۆدینیێزی | 45 |
| 14 ـ ڤیرۆنا | 43 |
| 15 ـ بۆلۆنیا | 41 |
| 16 ـ جینەوا | 36 |
| 17 ـ کرۆتۆنی | 34 |
| 18 ـ ئیمپۆلی | 32 |
| 19 ـ پالێرمۆ | 26 |
| 20 ـ پیسکارا | 18 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
| --- | --- | --- |
| 1 ـ دزیکۆ | رۆما | 29 |
| 2 ـ مێرتێنس | ناپۆلی | 28 |
| 3 ـ بیلۆتی | تۆرینۆ | 26 |
| 4 ـ هیگواین | یوڤانتۆس | 24 |
| 5 ـ ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 24 |

* یەکەم و دووەم ڕاستەوخۆ دەگەنە چامپیۆنزلیگ. سێیەم بەشداری لە پاڵاوتنەکانی چامپیۆنزلیگدا دەکات. چوارەم و پێنجەم ڕاستەوخۆ دەگەنە یۆرۆپالیگ و شەشەمیش بەشداری لە پاڵاوتنەکانی یۆرۆپالیگدا دەکات. هەژدەم و نۆزدەم و بیستەم لە کالچیۆ دادەبەزن بۆ خولی پلە دووەکان.



**«رۆناڵدۆ و بۆفۆن نایانەوێ ئەم دەرفەتە مێژووییە لەدەستبدەن»**

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 451 )
سێشەممە 2017/5/30



## دەتبینمەوە

کامێراکانی یاری کۆتایی یۆرۆپالیگ لەنێوان ئەجاکس و مانچێستەر یونایتد، وێنەی ڕاهێنەر خۆزێ مۆرینیۆ و جاستن کلایڤەرتیان گرت، کە مۆرینیۆ نازناوی تایبەت بە خۆی بەخشییە جاستن و پێیگوت «تۆ پیاوی تایبەتی، من تۆم لە تیپەکەم دەوێ، دوای یەک وەرز لە مانچێستەر یونایتد گرێبەستت لەگەڵ دەکەم». هەروەها پێیگوت «تۆ دەبیتە هێرشبەری یەکەمم، دوای وەرزێک درەوشانەوە لەگەڵ ئەجاکس، ئینجا بەیەکەوە مێژوو دروست دەکەین». یاریزانەکەش کە کوڕی ئەفسانەی هۆڵەندی پاتریک کلایڤەرتە لە وەڵامدا گوتی «ناتوانم چاوەڕێی ئەوکاتە بکەم، بەیەکەوە نازناوی چامپیۆنزلیگ بەدەستدێنین». مۆرینیۆ لە کۆتاییدا گوتی «ڕێککەوتین، لە 2018 دەتبینمەوە».

بایی زیاتر لە ملیۆن یۆرۆ خەڵات دەداتە هاوڕێکانی..

# لویز سەخی و دەستکراوەیە

**ڕووداوی وەرزشی ـ Gulf News**

وا باوە کارگێڕی یانەکان، یان دەزگا ناسراوە جۆراوجۆرەکان، بە دیاری بەها پاداشتی یاریزانەکانیان دەکەن، نەخاسمە کاتێک لە بەدەستهێنانی نازناوێک لە کۆتایی هەموو وەرزێک سەرکەوتوو دەبن. بەڵام لە یانەی چێلسی شتەکان جیاوازن.

بە بۆنەی بردنەوەی نازناوی پریمەرلیگ لە لایەن یانەی چێلسییەوە، بەرگریکاری بەرازیلی داڤید لویز خۆی و لەسەر پارەی خۆی خەڵاتی بە هەموو یاریزانانی یانەکەی دا، کە ڕۆڵیان لە بەدەستهێنانی نازناوی پریمەرلیگدا هەبوو، ئەویش بەخشینی بازنگی مەچەک بوو بە هەموو یاریزانەکان.

بە گوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەکانی بەریتانیا، نرخی هەر بازنگێک دەگاتە 40 هەزار یۆرۆ، واتە بەرگریکارەکەی پێشووی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی بڕی زیاتر لە یەک ملیۆن یۆرۆ، لە کڕینی ئەو بازنگە گرانبەهایانە خەرجکردووە، کە لە مارکەی سینتۆریۆن. لەلایەن خۆشیانەوە ئەستێرەکانی بلوز، چەند وێنەیەکیان بە بازنگەکەی لویز گرت و بڵاوکردەوە، وەک گوزارشتێک لە سەرسامبوونیان بە ڕێزلێنانی هاوڕێیەکەیان.





# "ڕینا لە ژنەکەی دەترسێت"

**ڕووداوی وەرزشی ـ Sport**

لە ئاهەنگێکدا سەرۆکی یانەی ناپۆلی گاڵتە بە پیپێ ڕینای گۆڵپارێزی ئیسپانی یانەکەی دەکات، ئەویش توورە دەبێت و لەگەڵ ژنەکەی ئاهەنگەکە جێدەهێڵن.

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی ناپۆلی ئیتاڵی، ئاشکرایکرد ڕینای گۆڵپارێزی ئەو یانەیەو یۆلاندا رویزی هاوسەرەکەی بە توورەیی ئاهەنگێکی شەوانەیان جێهێشتووە، کە ئیدارەی یانەی ناپۆلی بۆ یاریزانەکانی و خێزانەکانیان ڕێکخستبوو، بەهۆی ئەو گاڵتانەی ئۆریۆل دی لاورێنتسی سەرۆکی یانەکە پێیکردوون.

وەک ئەو سەرچاوەیە باسی دەکات لە کاتی بەڕێوەچوونی ئاهەنگەکە سەرۆکی ناپۆلی ویستوویەتی هەندێک گاڵتە بە ڕینا بکات و چەند نوکتەیەکی لەسەر گووتووە کە بەدڵی ڕینا و ژنەکەی نەبووە، لە یەکێکیاندا سەرۆکی ناپۆلی گوتوویەتی «کۆنترۆلی ڕینا لەدەست ژنەکەیەتی، ژنەکەی بەتەواوی بەسەریدا زاڵەو زۆر لێی دەترسێت، ئەو ناتوانیت ژنەکەی ڕازی بکات»، ئەمەش ڕینا و ژنەکەی توورەکردووەو لەوێ ڕۆیشتوون، چونکە قسەکانی سەرۆکیان بە سووکایەتی زانیوە.

پێشبڕکێ



به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

ڕەوەند ئەرگۆشی لە هەریر

بە لێدوانی:

(پێبکەنن بەلاشە، چامپیۆنزلیگیش هەراجە)



خولی چینی 50 ساڵی دیکەش ناگاتە خولە ئەوروپییەکان..

# تیڤێز: چینییەکان وەحشییانە یاریدەکەن

**ڕووداوی وەرزشی ـ AFP**

کارلۆس تیڤێز، ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی شەنگەهای شینگوای چینی، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ڕەخنەی لە خولی چینی و یاریزانانی ئەو خولە گرت، سەرەڕای ئەوەی زۆرترین مووچە لە مێژووی تۆپی پێدا پێیدەدەن.

تیڤێز، لە لێدوانێکدا راشکاوانە ڕایگەیاند چینییەکان هەرگیز بە هێنانی ئەستێرەکان بە پارەی خەیاڵی بۆ یانەکانیان، ناتوانن خولەکەیان بەهێز بکەن و گوتی «50 ساڵی دیکەش خولی چینی ناتوانێت ڕکابەری لەگەڵ خولە ئەوروپییەکان بکات». هەروەها گوتیشی «یاریزانانی چین زۆر سادەن و لە سادەیی خۆیان زۆر ئازاری یاریزانی بەرامبەر دەدەن، ئەوان توانای جەستەییان نییە و زۆر وەحشیگەرانە یاری دەکەن».

کارلۆس تیڤێز، لە کۆتاییەکانی ساڵی 2016 لە یانەی بۆکاجۆنیۆرزی ئەرجەنتینییەوە چووەتە یانەی شەنگەهای شینگوای چینی بەرامبەر مووچەیەکی خەیاڵی، کە ڕۆژنامەکانی چین دەڵێن 38 ملیۆن یۆرۆی ساڵانەیە.




RÛDAW
www.rudaw.net
(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 833 34 44
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولڕەحمان



هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە